چراخان محەممەد کاپتنی تۆپی باڵەی یانەی ئافرۆدێت:

# بێ پلانیی
# یەکێتی تۆپی باڵەی کوردستان
# تۆپی باڵەی پەک خستووە



***ئاستی یاری تۆپی باڵە لەکوردستادا چۆن دەبینی؟**

-ئاستی یاری تۆپی باڵە لە کوردستاندا زۆر زۆر خراپەو رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو دوا دێت، ئەمیش بەهۆی بێ پلانی یەکێتی تۆپی باڵەی کوردستان و لقەکانیانە کە ئەم یارییەیان پەك خستووە بەتایبەتی لە ئاستی کچان.

***ئەی لەسەر ئاستی عێراق؟**

-لەسەر ئاستی عێراق زۆر باشترە، چونکە ئەوان ساڵانە پلانی خۆیان هەیەو پاڵەوانیەتی دەکەنەوە بۆ سەرجەم ئاستەکان و زۆر لە ئێمە باشترن، بەڵام لە رووی یاریکردنەوە کچانمان لە کچانی ئەوان باشترو بەتواناترن.

***پێتوایە چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە پێش بکەوێت؟**

-بە بۆچوونی من ئەگەر بمانەوێت یاری باڵە بەرەو پێش ببەین، دەبێت بەرنامەمان هەبێت و خول و پاڵەوانیەتی بکەینەوە بۆ سەرجەم ئاستەکان وەکو تازە پێگەیشتووان و لاوان و پێشکەوتووان، بەڵام بەداخەوە من زیاتر لە هەشت ساڵە یاری دەکەم و خولی لەم جۆرەم نەبینیوە بۆ تازە پێگەیشتووان و لاوان، ئیتر ئەم یارییە چۆن پێشدەکەوێت.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك کێشەوگرفتی ئەم یارییە زیاتر لەچیدا دەبینیت؟**

-کێشەوگرفتمان یەکجار زۆرە. بۆ نموونە شوێنێکی تایبەتمان نییە تا مەشقی تێدا بکەین، هۆڵێکمان هەیە بەرزییەکەی تەنیا ٣٠مەترە ئەوەش بۆ یاریکردن شیاو نییە ،
هەروەها کێشەی نەبوونی خول و کێشەی تریشمان زۆرە، ئەوانەش هەمووی کاریگەری خراپ لەسەر یاریزان دروست دەکات.

***بۆچی لە کوردستان ئاستی ئەم یارییە لە بەرەوپاشچووندایە بەتایبەت لە ئاستی کچان؟**

-ساڵانی رابردوو لە پێش بووە بە کەمیی ئیماکانیەتیشەوە هەمیشە خوڵ و پاڵەوانیەتی هەبووە، بەڵام ئێستا یەکێتییە وەرزشییەکان بیریان لای باخەڵی خۆیانە بۆ ئەوەی چۆن خولێك بکەنەوە و پارەی لێ بخۆن و بەس بۆیە هەمیشە وەرزشی کوردستان لەسەرجەم یارییەکاندا بەرەو دواوە دێت بەتایبەتی لە یاری باڵە.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك لە یاری باڵە چییە؟**

-هیواو ئاواتم وەك کچە یاریزانێك ئەوەیە کوردستانیش رۆژێك لە رۆژان بەشداری پاڵەوانیەتییەکی جیهانی بکات لە یاری باڵەدا منیش ببم بە یاریزانی باش و خزمەت بە کوردستان بکەم لەم بوارەدا.

***دەستەی کارگێڕی یانەکەتان تا چەند هاوکاریتان دەکەن؟**

-بەداخەوە هیچ هاوکاریەکمان ناکات، تەنیا ئەوە نەبێت هەفتەی دوو رۆژی بۆ دابین کردووین بە هەردوو رۆژەکەش تەنیا چوار کاتژمێر مەشق دەکەین و هیچ هاوکارییەکمان ناکرێت، تەنانەت بۆ سەفەرەکانیش لەسەر حیسابی خۆمان دەڕۆین، تەنیا یانەکەمان پاسمان بۆ دابین دەکات، بەڵام ئێمە خۆشەویستیمان بۆ یانەکەو یارییەکە هەیە و بەردەوام دەبین.

***بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

-هیچ بەرنامەیەکم نییە بۆ داهاتووی خۆم، چونکە هیچ

**شاری سلێمانی هەمیشە یەکێک لەو پارێزگایانەی باشووری کوردستان بووە کەوا گرنگییەکی زۆری بە وەرزشە جیاوازەکانی ئاستی کچانی داوە، یەکێک لەم یانانەش کە بۆتە مایەی دڵخۆشی بۆ کچانی شاری سلێمانی و گرنگیدانی تەواو بە بەهرەکانیان یانەی وەرزشیی ئافرۆدێتی شارەکەیە کە بەردەوام پێگەی تایبەتی خۆی هەبووە لە نێو یانەکانی شاری سلێمانی و تیپی باڵەی یانەکەش یەکێکە لە تیپە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق و خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانان کە پاشەڕۆژێکی باش لە چاوەڕوانی ئەواندایە، یەکێک لە کچە بەتواناکانی یانەکەش چراخان محەمەد عەلی یاریزانی لاوی باڵەی ئافرۆدێتەو کاپتنی یانەکەشەو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی شاری سلێمانیەو دەرچووی ئامادەییە، ئێمەش بۆ ئاشنا بوون بە ژیانی وەرزشیی ئەم یاریزانە لاوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**



دیمانە: کارزان کانەبی

خولێك نییە. بەرنامەم هەبوو لە خولی عێراقیدا بەشداری خولی باڵەی نایابی عێراق بکەین، لەوێشەوە ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنین و بەشداری لە خولی ئاسایی، یان عەرەبی بکەین و هەڵبژێردرێن بۆ هەڵبژاردەی عێراق، بەڵام بەداخەوە بەهۆی قەیرانی داراییەوە یانەکەمان نەیتوانی بەشداری بکات.

***چی بە بەرپرسانی وەرزشیی دەڵێی؟**

-بە بەرپرسانی وەرزشیی دەڵێم بەسە ئیتر با وەرزشیی ئەم کوردستانە زیاتر بەرەو دواوە نەچێت، هەوڵبدەن بە هەموو لایەك وەرزشی کوردستان بەرەوپێش ببەن و خول و پاڵەوانیەتی بکەنەوە، ئەگەر پێشتان ناکرێت واز بهێنن، بەتایبەتی یەکێتی تۆپی باڵەی کوردستان و لقی سلێمانی پێویستە خول بکەنەوە، نازانم بۆچی خول ناکەنەوە، راستە قەیرانی دارایی هەیە، بەڵام کردنەوەی خولێکی باڵە هەمووی ٢٠٠هەزار دیناری تێ ناچێت، چونکە تەنیا پارەی ناوبژیوانەکانی دەوێ، ئەوانیش دەتوانن بڕە پارەیەکی کەمتری پێ بدەن، ئیتر بۆ خول ناکەنەوە؟ نە پارەی یاریزان دەدەن و نە نانیان بۆ دەکڕن، نە پارەی هاتوچۆش دەدەن، نە ئۆتێلیان بۆ دەگرن، ئەگەر ناشتوانن ئەم کارە بکەن، واز بهێنن باشترە، ئەی بۆچی یەکێتی تۆپی پێی ساڵانە خولی نایاب و پلە یەك و دوو و سێ دەکاتەوە بگرە بۆ لاوان و تازەپێگەیشتووانیش بۆچی ناتوانن سپۆنسەر پەیدا بکەن، ئیتر بەسە با وەرزش بەرەو پێش ببەین.

***لە هەڵبژاردەی عێراق داوا کراوی؟**

-بەڵێ، چەند جارێك لەلایەن هەڵبژاردەی عێراقەوە داواکراوم، بەڵام بەهۆی خوێندن و نەبوونی پاڵەوانیەتی بەشداریم نەکردووە.

***هەوڵتان نەداوە بیر لە قوتابخانەی دروستکردنی یاریزانان بکەنەوە؟**

-هەوڵمانداوە لەگەڵ یانەکەشمان قسەمان کردووە. بڕیارە ساڵی داهاتوو من و دوو یاریزانی تر قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان بۆ یانەکەمان بکەینەوە، بۆ منداڵانی ئاستی ٦ ساڵ تاکو ١٢ ساڵ وەردەگرین و پەنا بەخوا کارەکەمان سەردەگرێت.

***لە کۆتاییدا دەتەوی باسی چی بکەیت؟**

- داواکارم وەرزشی ئەم کوردستانە لەلایەن بەرپرسانی وەرزشییەوە زیاتر برەوی پێ بدرێت و یەکێتی باڵە خوڵمان بۆ بکاتەوە، با خەونی من و سەدان یاریزانی وەکو من بەفیڕۆ نەچێت. زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵانیش دەکەم کە هەمیشە خەمخۆری وەرزشکارانی کوردستان بووە لەهەموو لایەك گرنگی بە هەموو وەرزشەکان داوە. زۆر سوپاسی دایك و باوکم و راهێنەرەکەم دەکەم کە زۆر هاوکاری من بوون و دەستخۆشی لە دەستەی کارگێڕی یانەکەشمان دەکەم کە بەپێی توانا هاوکارمان بوون.

# تیری هێنری باسی کێشەی گۆڵنەکردنی ئیبراهیمۆڤیچ دەکات




لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا(تێری هێنری) ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی ئاماژەی بە کێشەی ئیبراهیمۆڤیچ کرد لەگەڵ گۆڵکردن بۆ شەیتانە سوورەکان و ئەوەی بە بارودۆخێکی کاتی وەسف کرد. لەمبارەیەوە هێنری کە پێشتر شان بەشانی ئیبرا لە بەرشلۆنە یاریکردووە، بە تۆڕی (سکای سپۆرت)ی راگەیاند: راستە ئیبرا لە دوایین ٦ یاری یانەکەی نەیتوانیوە هیچ گۆڵێک تۆمار بکات، بەڵام ئەو حاڵەتە لەگەڵ زۆربەی ئەستیرەکان ئەگەری ڕوودانی دەبێت، بۆیە ئەمە شتێکی کاتییەو ئیبرا دەتوانێت بگەڕێتەوە و تۆڕی یانە ڕکابەرەکانی بهەژێنێتەوە، بەڵام ئەو کارە چەند زوو رووبدات باشتر دەبێت، پێشتر چاوەکان لەسەر دابەزینی ئاستی وایەن رۆنی بوون، بەڵام ئەم جارە ئیبراهیمۆڤیچ کەوتووەتە ژێر تیر و توانجی هاندەران و بەرپرسانی یانەکە، هەرچەندە من دڵنیام بەم زووانە گۆڵ تۆمار دەکاتەوە. ئاشکرایە کە ئیبراهیمۆڤیچ لە سەرەتای پێوەندیکردنی بە یانەی مانچێستەر یۆنایتد توانی لە سەرەتای پێنج یاریدا لەگەڵ یانەکە پێنج گۆڵ تۆمار بکات، بەڵام ئەو یاریزانە لە دوایین شەش یاری یانەکە نەیتوانیوە هیچ گۆڵێک تۆمار بکات، ئەو رووداوەش یەکەمین جارە بە درێژایی ژیانی وەرزشی تووشی ئیبرا ببێتەوە.

# مارادۆنا هێرشێکی توند دەکاتە سەر هیگوایین



دوای ئەوەی یاری لووتکەی ئیتاڵیا بە سەرکەوتنی یۆڤێنتۆس بەسەر ناپۆلی تەواو بوو، دیگۆ مارادۆنا ئەفسانەی تۆپی پێی ئەرژەنتینی جارێکی دیکە هێرشێکی توندی بۆ سەر یاریزان گۆنزالۆ هیگوایین دەست پێکردەوە.

لەمبارەیەوە رۆژنامەکان ئاماژەیان کردووە، کە مارادۆنا لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جارێکی دیکە هیگوایین بە خیانەتکار ناو دەبات، کاتێک باسی یارییەکی یۆڤی و ناپۆلی دەکات. مارادۆنا لە باسکردنی یارییەکە بەهاندەرانی ناپۆلی دەڵێت: یارییەکەی بەرانبەر یۆڤێنتۆسم بینی ، دەبوایە ناپۆلی چوار گۆڵ تۆمار بکات، بەڕاستی یۆڤێنتۆسی ئیستا لەو یۆڤێنتۆسە بەهێزتر نییە کە پێشتر من لەگەڵ ناپۆلی رووبەڕووی دەبوومەوە.

سەبارەت بە تۆمارکردنی هیگوایین بۆ گۆڵی سەرکەوتنی یۆڤێنتۆس و ئاهەنگ نەگێرانی بەو بۆنەیەوە، مارادۆنا گوتی: من وەکو ئەو خیانەتکار نیم، بۆیە بەلامەوە گرنگ نییە، چۆن ئاهەنگ دەگێڕێت دوای تۆمارکردنی گۆڵەکان، من شانازی دەکەم کە هەرگیز خیانەتم لە درێسی ناپۆلی نەکردووەو هەمیشە دڵم لای ئەوان بووە.

پێشتریش مارادۆنا لەگەڵ رۆیشتنی هیگوایین لە یانەی ناپۆلی بۆ یانەی یۆڤێنتۆس هێرشێکی توندی کردەسەر هیگوایین، کە پێشتر لە ژێر سەرپەرشتی مارادۆنا لەگەڵ هەڵبژاردەی تانگۆ یاری کردبوو، ئەوساش مارادۆنا رۆیشتنی یاریزانەکەی لە ناپۆلی بە خیانەت وەسف کرد.



# مووچەکەی گاریس بەیل هەموو ریکۆردەکان دەشکێنێت

دوای واژۆکردنی گرێبەستە تازەکەی لەگەڵ یانەی ریاڵ مەدرید، (گاریس بەیل) ئەستێرەی یانەی شاهانە وەک خاوەن بەرزترین مووچەی هەفتانە لەسەرجەم یانەکانی جیهاندا لەمیدیاکان باسی لێوە دەکرێت.

لەمبارەیەوە رۆژنامە ئینگلیزییەکان ئاماژەیان کردووە، کە دوای بەرزکردنەوەی مووچەو تایبەتمەندییەکانی ئەو یاریزانە لە گرێبەستە تازەکەی ئەو یاریزانە مووچەکەی بۆ دوو بەرانبەر مووچەی پێشووتری بەرزکراوەتەوەو تەنانەت لە مووچەی کریستیانۆ رۆنالدۆی یاریزانی ژمارە یەکی یانەی ریاڵ مەدرید زیاترە.

ڕۆژنامەی (زە سەن) ئینگلیزی لەم رووەوە ئاشکرای کردووە، کە مووچەی هەفتانەی بەیل لەگەڵ ریاڵ ٧٥٠ هەزار جونەیهی ئیستەرلینی دەبێت، لە کاتێکدا رۆنالدۆی هاوڕێی تەنیا ٥٢٠ هەزار جونەیهی ئیستەرلینی لە هەفتەیەکدا وەردەگرێت، بەو شێوەیە بێت بەیل مانگانە ٣ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی وەردەگرێت و لە ساڵێکدا ٣٦ ملیۆن تەنیا وەک مووچە لە یانەی شاهانە وەردەگرێت، جگە لەوەش یاریزانەکە پارەیەکی دیکەشی لە ریکلام و پاداشتی سەرکەوتنەکان لە ریاڵ مەدرید دەست دەکەوێت، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت بەیل پێگەی خۆی لە لیستی دەوڵەمەندترین یاریزانانی جیهانیش باشتر بکات.

لە کۆتایی راپۆرتەکەی (زە سەن) هاتووە، کە ریاڵ مەدرید بە دانانی مەرجێکی خەیاڵی بەبڕی یەک ملیار یۆرۆ وەک مەرجی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بەیل، بۆ ئەو یانەیەی دەیەوێت سوود لە تواناکانی وەربگرێت، هەروەها توانی بە تەواوی پارێزگاری لە رۆیشتنی بەیل بۆ یانە ئینگلیزییەکان بکات، بەتایبەتی هەردوو جەمسەرەکەی مانچستەر کە هەوڵی ئەوەیان دەدا گاریس بەیل جارێکی دیکە بۆ پریمەرلیگ بگەڕێننەوە.





# دیدار حامد خەونەکەی هاتەدی

هەرچەندە وەرزی رابردوو دیدار حامد گۆڵپارێزی پێشووی یانەی وەرزشیی هەولێر یاری بۆ یانەی ئارارات دەکرد لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ئەم وەرزەش بڕیار بوو دیدار یاری بۆ یانەی هەندرێن بکات لە خولی نایاب، بەڵام داوجار دیدار هەموو ئەو یانانەی رەت کردەوە و هاتەوە یانەی هەولێر و خەونەکەی هاتەدی. دیدار ماوەیەکی زۆر لە یانەی وەرزشیی هەولێر یاری کردووەو لە هەردوو خولی نایابی کوردستان و عێراق رۆڵی خۆی بینیوە، بەڵام ماوەی چەند وەرزێکە بەهۆی گرفتی لەگەڵ یانەکە لە هەولێر دووركەتبووەوە، دواجاریش گەڕایەوە یانە کۆنەکەی و لەبارەی گەڕانەوەشی دیدار حامد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «خۆشەویستی هەولێر زۆرە لای من و ماوەیەکیشە لە یانەکە دوور کەتبوومەوە، بەڵام هەر بیرم لە لای یانەی وەرزشیی هەولێر بوو، یاریکردن لە ریزی یانەی هەولێر خۆشییەکی زۆر بە من دەبەخشێ، بۆیە دوای ئەوەی یانەی هەولێر لە رێگەی راهێنەری یانەکە



# گۆڵپارێزانی زێرەڤانی بێ گرفتن

تیپی تۆپی پێی یانەی زێرەڤانی شاری دهۆك دوای ئەوەی ساڵی رابردوو نەیتوانی هیچ ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنێت، بۆیە ئەمساڵ کارگێڕانی یانەکە دوای گۆڕینی ستافی راهێنەران، ستافێکی تازەی راهێنەرانی بۆ گۆڵپارێزانی یانەکەی دەستنیشان کرد بە ئامانجی دروستکردنی گۆڵپارێزی بەتوانا بۆ یانەکەو گەڕانەوەی یانەی زێرەڤانی بۆ نێو ریزی یانە گەورەکان. کاوە ئیبراهیم کە وەکو راهێنەری گۆڵپارێزی یانەکە دەستنیشان کراوە، لەگەڵ دەست بەرکاربوونی ماوەیەکی زۆرە لە مەشقی بەردەوامدایە بۆ دروستکردنی ستافێکی گۆڵپارێزی بەتوانا بۆ یانەکە، لەم بارەشەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە

یوسف کاکیێ و دەستەی کارگێڕی یانەکە داوای یاریکردنیان لیێ کردم، منیش بڕیارم دا بگەڕێمەوە ئەو یانەیەی کە ماوەیەکی زۆر یاریم بۆی کردووە و یاریکردنیش لەیانەی هەولێر لای من زۆر پیرۆزە و خۆشەویستی هاندەران و شاری هەولێر لای من لە زۆر شت گرنگترە، بۆ خاتری یانەی هەولێریش چەندین یانەم ڕەت کردۆتەوە، بۆیە دەمەوێ لەگەڵ ئەو یانەیە بگەڕێمەوە ئاستی جاران و خزمەتی زیاتر بە یانەی وەرزشیی هەولێرو شاری هەولێر بکەم، هیچ گرفتێکیشم نەماوەو لێرە درێژە بە کاروانی وەرزشیی خۆم دەدەم.



شێوەیەکی زۆر باش خۆمان ئامادە کردووە بۆ وەرزی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ئینشائەڵڵا خوای گەورە سەرکەوتوومان بکات، ئێمە خاوەنی سێ گۆڵپاریێ بەتوانایین لە یانەکە، ئەوانیش هەریەك لە دلێر حاتەم و کاوە دینۆ و سامان سلێمان، کە ئومێدی زۆرم بەتوانای ئەم گۆڵپارێزانە هەیە کە دەتوانن بە تەواوی تۆڕی گۆڵی زێرەڤانی بپارێزن، تاکە ئامانجی ئێمەش ئەوەیە کەوا تیپەکەمان سەرکەوتنی باش بەدەست بهێنێت، ئێمەش وەکو ستافی گۆڵپارێزان ڕۆڵی کارامان هەبێ لەسەرکەوتنەکان لە ئاست داواکاری و خواستی دەستەی کارگێڕی و ڕاهێنەر و یاریزانان و هاندەرانی یانەکەمان بین.»

# ناوبژیوانێک مــــــاوەی دوو ساڵە لە شەڕی دژی تیرۆریستانە



فوئاد عومەر برادۆستی ناوبژیوانی پلە یەکی کوردستان و عێراق کە چەندین یاری لەسەر ئاستی یانەکانی کوردستان و عێراق بەڕێوە بردووە، جگە لە کاری خۆی کە ناوبژیوانی یارییەکانە لەخولەکانی کوردستان، پێشمەرگەشە لە فەرماندەیی بارزان و لەسەرەتای شەڕی پێشمەرگەکانی کوردستان لە دژی تیرۆریستانی داعش، بەردەوام لە سەنگەرەکان بەرگری بووە لەخاکی پیرۆزی کوردستان و زۆرکات کاری ناوبژیوانییەکەشی بە قوربانی بەرگریکردن کردووە لەخاکی پیرۆزی کوردستان، لەم بارەشەوە فوئاد عومەر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:
«وەرزش و بەرگری لای من هەمیشە کارێکی پیرۆزن، بەتایبەتی بەرگریکردن لە نیشتمان و شەرەفی میللەتی زوڵم لێکراوم. بۆ منیش جێگای شانازییە بەرگری لە خاك و نیشتمانم بکەم، بەڵام ئەوە نیگەرانی کردووین کە کەسانێك هەن لە گەرمای هاوین و سەرمای زستان لە نێو ماڵی خۆیانن، پێشمەرگەش بەرگرییان لیێ دەکات، کەچی چاویان بە پێشمەرگە هەڵنایەت.»
گوتیشی: «کاری ناوبژیوانی لای من تەنیا هیوایەتەو هیوایەتیش لە سەرووی داهاتەوەیە، هیچ داهاتێکی ئەوتۆ لە عێراق و کوردستان بە ناوبژیوان نادرێت کە بژێوی ژیانیان دابین بکات، منیش لەبەر خۆشەویستی و ناسینی کەسی باش وەرزشم هەڵبژاردووە، لە دەستپێکی شەڕی تیرۆریستانی داعشیش من لە سەنگەرەکانی بەرگریم و وەرزشم کردۆتە قوربانی بۆ ئەوەی بەرگری لە خاك و نیشتمان بکەم، هەردوو کاری پێشمەرگایەتی و وەرزشکاریم خۆشدەوێ، بەڵام ئەگەر هەر کات وڵات پێویستی بەمن بێت، لەنێو کارەکەی خۆیشم بم، بێگومان دەچمە سەنگەرەکانی بەرگری و وەرزشەکەم جێ دەهێڵم، بۆیە تاوێك لە سەنگەرەکانی بەرگریم و تاوێك لە نێو یاریگاکان.»